# دڵێک یەک پۆینت نیو

**شیعر**

**فەرەیدون پێنجوێنی**



ناوی کتێب : دڵێك یەك پۆینت نیو

ناوی نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

بابەت : شیعر

١

کات دەبارێ

نارژێتە سەر عومری من

دڵێکی وام نییە بیخەمە بەری

دایشکێنمەوە سەر عومری خۆم

کات دەبارێ

من تەنها دەزانم مەسینەی بەمەبەر

ئێشەکەم ئەوەندە سادە نییە

بتوانم دڵمی بەمەبەر

دایشکێنمەوە سەر عومری خۆم

دەستم بگاتە ئاسمان

لەکونەکەی ئاستی سەری خۆما

پەڕۆ کۆنێکی تێدەخنم

٢

خاوەنی کوڕێکی یاخی و

نەوەت و پێنج کچی عەیار

تەنیا فەرقم

لەگەڵ هۆرتۆنی خاوەنم

ئەوەیە

ئەو فیلە

من مەیمونێکی رەقەڵە

ئەو پشتی بەپشتی خۆیەوە

من پشتم بەپشتی کێلەوە

گوێت لێبێ هۆرتۆن

من وەحی خۆم وەرگرت

شیعری خۆم لەبارەی قەبرو قیامەتەوە نوسی

ناتوانم لەمە زیاتر کافکابم

لەمە زیاتر بەتەنیشتی ئەم سەرقەبرانەوە هەڵکەم

٣

بچمە لای رزگاری جەڕاح

لەتەنیشتی راستمەوە

کونێ بکاتە پەراسوم

هەرچی ژن بەپەراسوی چەپمەوە ماوە

بێتە دەرەوە ، بڕوا

هەرچی پیاو بەبڕبڕەی پشتمەوە ماوە

بێتە دەرەوە ، بڕوا

٤

پشتملی ئێش بگرم
بیدەمەبەر بۆ ناو کۆڵانێکی تەسکی دڵم
بەقەدەر مردنێك بیئێشێنم و بەرەڵڵایکەم بڕوا

٥

بیتەکێنم بەڕەکەی ژێرم
پێوەی نەمێنم ( با ) بمبا
غائیب لەسەر بەڕەو لەبن بەڕە

٦

نایانبەم لەگەڵ خۆم بۆ مردن
دەست و پێ و گوێ و چاوم
نامەوێ وەك چۆن ژیانیان لێ تێکدام
مردنیشم لێ تێکبدەن

٧

جڕتێکم بۆ لێدە بەبنباڵ
جنێوێکم پێبدە بەدەست
گازێکم لێبگرە بەنینۆك

با سەد نوێژت بۆ بکەم لەسەر یەك قاچ

ئەی دوژمنی سەنگینم

ئەی خۆم

من ساڵەهایە خەمباری

ئەم بەنەزاکەتییەی تۆم...

ساڵەهایە

رەنگزەردی ئەم خەیاڵسازییە

شەریفانەیەی تۆم

جرتێکم بۆ لێدە بەبنباڵ

با بەئارەزوی جنێو

بتدەمە بەر دەست

بەئارەزوی بەتانی

بتدەمە بەر بای گوێ

بەئارەزوی سك بتدەمە بەر پێچی ریخۆڵە

لەچاڵی پێکەنینێکدا بتنێژم و

بەئارەزوی فرمێسك بگریم بۆت

٨

راقیسەیەکی کەڵەگەتی لەخۆڕازی بوایەم لەمیسر ، نەك پیاو

هەمو سەری سەعاتێ دەستێکم بکێشایەتە بەینی رانمەوە

دڵنیا ببومایەتەوە لەبونی خۆم

٩

وێنەی ئاسکێك (بەسەر دیوارێکەوە لەوبەر)

روبەڕوی وێنەی تفەنگێك (بەسەر دیوارێکەوە لەمبەر)

لەمێژە لەم ئەشکەوتەدا

هەمو کەس و شتەکان رەسمیان کێشراوەو

شوێنی خۆیانیان بەدیوارەوە بۆ دیاریکراوە

١٠

سورێکیتر بەدڵە سێتاییەکەم لێدەم

فلسیش نەدەم

کابرای پاسکیلچی ناچارکەم

بێ پشتملم بگرێ لێمسێنێتەوەو فڕێیداتەوە قوژبنێکی دوکانەکەی

١١

شەتڵی هەواڵێك بەڕەگەوە

لەکیسێکی کاغەزدا رەوانەکەن بۆی

وەریگرێ لەگۆشەیەکی حەوشەدا بیڕوێنێ

پاش ماوەیەکی کەم

دیوارو دەرگای حەوشە بەتەواوی

ببن بەژێر هەواڵی

ئۆغری یەکجاریمەوە

١٢

من ئیتر دەستم لەئاسمان گیربو ، بەشی خۆمم لێدادڕی
ئەوەتا بەمەترێك ئاسمانی ژێرمەوە
چوارمشقی ، خۆم دەکەم بەهەمو کونێکی دڵما
بەبێ سڵەمینەوە لەو هەمو ورگدان و داڕوخان و درزبردنانەی
بەدیوارەکانیەوە دیارن

١٣

دڵێکی دامێ یەك پۆینت نیو
لەسەر چوارتایەی باریك و بیچمێکی لەرزۆك
ئەویش بەسوڕ
هەتا جەنازەکەمی پێدەگەیەنمە سەرقەبران و هیچیکە

١٤

بەشی پرپۆڵەیەك
بکرێمە سەر سینییەکی چکۆلەی فافۆن
بخرێمە بەردەمی چەند جوجەڵەیەك
بەشی پرپۆڵەیەك بەدەستی دایکم

ئەگەر ئەو خۆی ئێستا هەبوایەو
بەشی پڕپۆڵەیەکی بکردایە

١٥

لەناو دوربینی قەنناسێکەوە (بەسەر شانی دیوارێکەوە لەمبەر)
پەڵەیەك خوێنی داچۆڕاو (بەسەر دیوارێکەوە لەوبەر)
شەڕکەر لەهەردوبەر کوژراوەو تەقە کۆتایی هاتوە
بەڵام روبەڕوبونەوە لەنێوانی دیوارەکاندا هەر درێژەی هەیە

١٦

لەودیو پەنجەرەوە : دڵێك لەبناری پیاوێکدا
وەك ئەپارتمانێك لەبناری شاخێکدا
لەمدیو پەنجەرەوە : پیاوێکی روخاو بەسەر دڵێکدا
وەك شاخێکی روخاو بەسەر ئەپارتمانێکدا

١٧

شەش حەوت ملیار مرۆڤ
هەریەکەیان خەریکی بچوکییەکن
شەش حەوت نیمچە خواوەند بونایە
هەر یەکەیان خەریکی گەورەییەك بونایە

۱۸

من

حەرفێکی عیللەی وشکهەڵاتو

نەك نوسراو لەڕستەدا

بەڵکو نوساو بەڕستەوە

وەك مێرولەیەکی پلیشاوەی بەینی کتێبێك

۱۹

بەربومەتەوە

بەڵام جارێ نەکەوتومەتە عەرز

بەحەواوەم وەکو عەلاگەیەکی رەش

۲۰

ژیانێکی تریش وشکەجاوکەم

مەنجەڵی ماستەکە باوکی تیا بمێنێ

مناڵ نانی تیا تریتکەن

۲۱

ئاو بەسەر ئاگرەوە چۆن دێتە ئێش

ئاوەها هاتومەتە ئێش

بەڵام هێشتا میکرۆبێکی زۆرم تیا ماوە پێی بژیم

٢٢

بەزرنگانەوەی گوێ نییە

بەوەش نییە کافکابی و

سیلت بێ و

ماڵت لەتەنیشتی سەرقەبرانەوەبێ

بەجەرگە :

جەرگت هەبێ بنیشیتە شەکرو خوێ و رۆن

یان رەنگە بەدەم بێ :

دەم بنوقێنیت و نەڵێی ئای

٢٣

تەنگم پێهەڵچنیوە

خەریکە دەیگرم

شتێك لەشوێنێکما

وەکو بڵێی : ئەسپێیەك لەسەرما

ئێشێك لەزمانما

٢٤

شتێ شك نابەم حەزكەم مل دەركێشم بیبینم

ئیشێ شك نابەم حەزكەم لەپێناویا تلێ بەم بەخۆم

سەرەتایەك حەزكەم سەری لێوە دەركێشمە دەرەوە

كۆتاییەك حەزكەم سەری لێوە ببەمەوە ژورەوە

تەنها ئەوە نەبێ

بەپشتا خۆم لەم وشانەوە خلكەمەوەو

نەهێڵم خوێنم لێوەبێ

بۆ ئەوەی بیسەلمێنم

كیسەڵ و

سیسرك و

كافكاو

من

كیسەڵ و

سیسرك و

كافكاو

منین

٢٥

ئاوخواردنەوە

تینوێتی ناشكێنێ

تینوێتی لەبیر دەباتەوە

مرۆڤ کرمەلیقەیەکە لەژێر خوێدا

ئاو نییە لەتواندنەوە رزگاریکا

٢٦

ئەمڕۆ نۆرەی منە

دەدەم بەتەنیشتی سەرقەبرانەکەدا ، دور دەکەومەوە

رۆژێکیتر نۆرەی رێگاکەی ژێر پێمە

دەدا بەتەنیشتی من و سەرقەبرانەکەدا ، دور دەکەوێتەوە

٢٧

هەمو بەهارانێ

شان دەدەمە ژێر تابوتەکەی

دەیبەم لەسەیرانگایەك بەخاکی دەسپێرم و دێمەوە

بەدانەیەکی کۆڵەوارترەوە کە نامگەیەنێتە بەهارەکەی دواتر

ئەمەیە چارەنوسی من

دەبێ تاکۆتایی

خەریکی دڵ بەخاکسپاردنبم

٢٨

ئەمڕۆ نۆرەی منە بەسەر ڕێگادا دەڕۆم

ڕۆژێکیتر نۆرەی ڕێگایە بەسەر مندا دەڕوات

ئەمڕۆ ڕێگا بەشێکە لەیادگاریەکانی من

ڕۆژێکیتر من بەشێکم لەیادگاریەکانی ڕێگا

٢٩

لەزۆربەی ژەمەکاندا لەبەردەرگای یەکتر پەیدا دەبین:

من بەقاپێ چێشتی گەرمەوە لەژێر پارچە پەڕۆیەکی خاوێندا

ئەو بەقاپێ چێشتی ساردەوە لەژێر پارچە کفنێکی بۆردا

نەریتی کاسەگۆڕینەوەو دراوسێیەتی

لەنێوانی ئێمەی خەڵکی گەڕەك و

ئەوانی خەڵکی سەرقەبرانەکەدا

تا ئێستاش هەر ماوە

٣٠

لەهەمو یارییەکی دۆستانەی نێوانماندا

شەهیدان

هەمیشە لەخولەکی کۆتاییدا

بەگۆڵێك لەئێمەیان بردۆتەوە

٣١

گوریسێکی بەن

ئەوسەری بەدەست

مردوانێکی بێشومارەوە

ئەمسەری بەدەست

زیندوانێکی مەعدودەوە

پەتپەتێنێکی بەردەوام

بەیەك ئەنجامی هەمیشەییەوە :

زۆرینە / براوە

کەمینە / دۆڕاو

٣٢

ڕۆژەکان لەتەنیشتەوە لایان نەدایە لام

لەسەرەوە تەپیان دایە سەرم

ڕۆژەکان ناگوزەرێن

کەڵەکە دەبن

٣٣

یەکترمان بەمردن سپارد

تەنها لەدوای خواحافیزییەکی سادە

ئەو نەهاتەوە چو

من

بەدڵێکەوە لەمشتما

هێشتا هەر خەریکی خواحافیزیم

٣٤

بەم هەمو کاتەی پێش و پاشمەوە

یەك چرکەی تەمەنم نەکەوتە ناو ساڵی حەفتاوە

یەك چرکەی تەمەنم ناکەوێتە ناو ساڵی حەفتایەکی ترەوە

من تەنها روداوێکی بچکۆلەبوم لەناو دوکەوانەدا :

کەوانەی یەکەم : حەفتاویەك

کەوانەی دوەم : ساڵێك و یەك

ئیدی نازانم بۆ ئالأمە

ئەم هەمو دۆشدامانە

لەئاست داخرانەوەی دو کەوانەی تەسکا

کە هەر لەسەرتاوە بۆ داخرانەوە کراونەتەوە

لەئاست روداوی ناو دو کەوانەی گەورەدا

کە سەری بگری و بەری بگری بریتییە لە :

کرانەوەو داخرانەوەی کەوانەی بچوك

٣٥

بەتەواوی بمری

بەدو ریز ددانی بەهێزەوە

بەجوتێ چاوی تیژەوە

بەچوارپەلی تۆکمەوە

بەقیافەیەکی رێکەوە

بەسەخاوەتەوە بمری

بەگیانێکی وەرزشییەوە

بەدڵێکی فراوان و بەخشندەوە

مردن نەخۆشە

جەستەیەکی کەنەفت و تێکشکاو

بەدیاری نابرێ بۆ نەخۆش

نەخۆشی

بەدیاری نابرێ بۆ نەخۆش

وەها بڕۆی

لەگەڵ گەیشتنتا

مردن شیفای بۆ بێ و

بتوانێ لەبەرت هەڵسێ

٣٦

دانەنیشم

بڕۆمە دەرەوە

ببینم هێشتاکە

مەترێك و حەفتاو پێنج سانتیم

لەسەروی عەرزەوەم

٣٧

ئەی خۆر ئاوا ببە

بەڵام لەگەڵ خۆتا

منیش بکە بەودیو شاخەکەدا

بەپێ ناتگرمەوەو هەر ئێستاش لەودیو

لەگەڵ دەرکەوتن و قەومانی تۆدا

وەختی پەیدابون و قەومانی منیشە

٣٨

پێکەوە

لەیەك دەققەی هەمان شەودا

بەیەك گوللە

شەهیدبونی ئەو

تەنها یەك دەققەکەی هەمان شەوی خایاند

شەهیدبونی من

تا ئەم دەققەیە

سی و سێ ساڵی خایاندوە

بەسەریەکەوە

چل و چوار ساڵ

سی و سێ ساڵ شەهیدبون و

بەرلەویش

یازدە ساڵ لەژێر سێرەی تفەنگدا

هەمیشە هەروا ئاسان و کورتخایەنە

شەهیدبون

٣٩

لەڕێی هەڵکەندنی ڕێڕەوی ئاویی زۆرەوە (بەپارەی نەوت)

ئاو لە ئۆقیانوسەوە رابکێشرێ بۆ هەمو کون و قوژبنێکی گۆی زەوی

روبار (وەکو کارەباو تەلەفۆن و جادە) بگاتە هەمو شوێنێکی دنیا

شەوێك بەدەم خەوەوە تل بدەم و بەر ببمەوە ناو روباری بەردەرگا

روبار دۆستانە لەمسەری دنیاوە بمگرێتە کۆڵ

هەروا بەخەوتویی بمکا بەژێر بەتانیەکەی تۆدا لەوسەری دنیا

٤٠

بروسکەیەك لێم دەداو دادەڕوخێم خشت خشت

وەکو لەتە منارەیەکی کۆنینەی ناو هەولێر

بەبەرچاوی کرێکارێکی بەنگلادیشییەوە رۆژێ لەشەقامێکدا

کرێکار گسکم دەداتە کەنارێکی شۆستە

هەر ئەو دەقەیە هەواڵم دەگاتە کەسوکاری ئەو لە (دەککا)

بەڵام پاش هەفتەیەك هەواڵم دەگاتە کەسوکاری خۆم لەشار

رازیم و دەتوانم

بەڵام هەرگیز رازی نیم و ناتوانم

بەبەرچاوی بێچوەکانمەوە بمرم

٤١

نامرین بەڵکو دەشکێین

بەکەڵك نامێنین و

بۆ ئەوەی نەبینە بایسی دڵتەنگیی زیاتری

خۆمان و دۆستانمان

فڕێ دەدرێینە چاڵەوە

٤٢

دەکرا

بیر لەوە بکەینەوە

ڤاکسینێك بدەین لەزەوی

بۆ ئەوەی قەت توشی سەرەتان نەبێ

دەکرا

نێرەکەرێکی پێوەنێین

نێرەکەرێك بەنەرمترین شوێنیەوە

بۆ نمونە : بەهەیبەت سوڵتانیەوە ، یان بەپێنجوێنیەوە

لەپشتەوە بیکوتێ و

رزگاریکا لەسەرەتان

ئەگەر تا ئێستا توشی سەرەتان نەبوایە

٤٣

حەز دەکەم زۆر زیاتر بژیم

نەك هەر بۆ ئەوەی ببینم چیی تر لەدنیادا دەقەومێ

بەڵکو بۆ ئەوەی ببینم چیی تر لەمندا دەقەومێ

٤٤

بەتوی مەلیکا داگەڕێم

بەشی تەسلیمبونەوەیەکی تر

پێشمەرگایەتی

لەسەروگوێلاك و شان و ملم بتەکێنم

بەشی پێشمەرگایەتییەکی تر

خەیاڵی تەسلیمبونەوە لەسەر دەرکەم

بەشی دابەزینەوەیەکی تر بۆ ناو خەڵك

کەمێ لەو چاو و روەی

کە نازانم هەمبوە بیبەخشم یان نەمبوە

لەشۆستە داواکەمەوە

بەشی خەڵکاویکردنێکی تری دڵ

پەلوپۆ بدەمەوە بەپەلوپۆم

سەرێبەم لەبرایم پاشا

بەشی خوێریکردن و پشتگوێخستنی بیرێکی تری پوچ

چاو شەقاماویکەم

بەشی راوەستانێکی پیاوانە لەئاست مردنێکی تردا

دڵ قوڕاویکەم

٤٥

داڵغەی مردن زۆر دوری خستمەوە

بیری بردمەوە هاتبومە بازاڕ بۆ کڕینی چی

بیری بردمەوە هاتبومە دەرەوە بۆ پیاسە یان بۆ شتکڕین

داڵغەی مردن بەتەواوی خستمیە درەنگ

بیری بردمەوە : بەماڵەوەم وتبو شەو دێمەوە

یان نیازم هەیە بچمە ماڵی باوکم و نەیەمەوە

بیری بردمەوە : ماڵەوە کەسی لێبو پێی بڵێم دێمەوە یان نا

داڵغەی مردن بردمی

نەمزانی لەشوێنێکا پاسەکە بەکابرا راگرم و دابەزم

داڵغەی مردن زۆر دوری خستمەوە

داڵغەی ژیان کاتی خۆی چارەکی ئەو دوری نەخستمەوە

چارەکی ئەو نەیکردم بەپەندی ناو پاس

چارەکی ئەو خەڵکی نەهێنایە سەیرم

داڵغەی ژیان زیانەکەی ئەوەبو پارەیەکی زۆری تێدەچو

بەڵام داڵغەی مردن زیانێکی وای نەبو

کورتانێکی تێچو لەگەڵ کەرێك

داڵغەی مردن زۆر دوری خستمەوە

تێیگەیاندم : بیری بدرێتێ و نەدرێتێ

سەرەنجام هەمو کەرێك نەگەڕانەوەیەك قەرزارە

مردن کەمخەرجتربو

دەمزانی دەتوانم بەچەند سەد فلسێکەوە بچمە کڕینی

بەچەند سەد دڵۆپە فرمێسکێکەوە بچمە قەوماندنی

دودڵ نەبم لەوەی شتێ نییە بە من نەقەومێنرێ

شتێ نییە بۆ من دەست نەدا

بۆ کەسوکارو ماڵ و مناڵی من قوت نەچێ

کەوتمە سەر داڵغەی و دورکەوتمەوە لێرە نەمام

ترازام لەشوێن و کات

ترازام لەحوکمی چاو

هیچیکە شوێن و کات و چاوم نەما

بیاننێرم بەدوای قەوماندنی ئەودا

کەوتمە سەر داڵغەی ئەوەی : مردن قەوماندنی ناوێ

مردن قەوماوەو تەواو

مردن بەخێوکردنی ناوێ

باوکی خۆی بەخێوی کردوەو بڕاوەتەوە

مردن بیرلێکردنەوەی ناوێ

بیری بدرێتێ و نەدرێتێ

هەمو تەرەسێك دانەیەکی ئەو قەرزارە

مردن چل و سێ ساڵێکە دەمقەومێنێ

ئێستا ئیتر بەباشی بەپێی قەبر دەکەم

بەباشی قەبر بەپێم دەکا

بەڵام دەبێ چەند ساڵ ژیان بقەومێنم

بۆ ئەوەی دنیا بەپێم بکا

بەدەم و بەسکم بکا

بەچاوی خۆم و خاوەنەکەم بکا

دەبێ چەنێك ژیان بقەومێنم

بۆ ئەوەی تەمەنم بەپێی خۆم بکا

داڵغەی مردن زۆر دوری خستمەوە

بیری بردمەوە وەك چۆن مردنێکم لەسەرە

ژیانێکیشم لەسەرە

بیری بردمەوە وەها خۆم ناڵکەم بتوانم

وەکو مرۆڤ لەسەر پاشو بەرببمەوە

٤٦

مردبوم و نارەحەتی ئەوەبوم

فریا نەکەوتبوم تێر بژیم

تێر بیر بکەمەوە

تێر قسە بکەم

خەبەرم بۆوەو ناڕەحەتی ئەوەبوم

نیو سەعاتێك لەناو مردندا زیندو نابم

بۆ زانین و گوتنی ئەو قسەیەی

دەبێ لەدوایین کاتدا بیزانم و بیڵێم

خەبەرم بۆوە

خۆشحاڵبوم نەمردوم

خۆشحاڵبوم بینیم

ئەو مردنەی لێم قەومابو خەون بو نەك راستی

ناڕەحەتم

درەنگ فریاکەوتوم بزانم

مردن لێقەومانێکی گەورەیە

بەتایبەتی لەنیوەی رێدا

ئێستاش دەبێ خێراکەم

فریاکەوم بژیم

فریاکەوم چاك ببمەوە لەمردن

مردبوم و بەو مردوییە قسەیەك هاتبو بەبیرما بیکەم

ناڕەحەتی ئەوەبوم زیندو نەدەبومەوە قسەکەم بکەم

خەبەرم بۆوە دڵخۆشبوم نەمردوم

ئەگەرچی قسەکەمم بیرچۆبوە

لەپێناوی ژیاندا پێویستبو لەمردنێك بگەڕێمەوە

لەپێناوی گەڕانەوەدا بۆ ژیان

پێویستبو بەمردنێکدا گوزەر بکەم

بەڵام من بەچەندەها مردندا گوزەرم کرد

گەڕاومەتەوەو ناڕەحەتی ئەوەم چەندەها ژیان لەئارادا نییە
بەڵام خۆشحاڵم کە ئاخری زانیم چەندەها ژیان لەئارادا نییە
هەڵیفریواندم چێژی زانین
خۆزگەم دەخواست نیوسەعات لەناو مردندا زیندوبم
بۆ زانین و گوتنی ئەو قسەیەی
دەبێ لەدوایین کاتدا بیزانم و بیڵێم
وەکو ئەوەی تا ئێستا هەمیشە لەناو زیندوێتیدا زیندوبوبم
وەکو ئەوەی هەرگیز لەناو مردندا زیندو نەبوبم
وەکو ئەوەی پێم وابوبێ
زانینی کۆتایی دەکەوێتە ناو کاتێکەوە لەناو مردندا
وەکو ئەوەی نەمزانیبێ زانینی کۆتایی مردن خۆیەتی
درەنگ تێگەیشتم زانینی کۆتایی بۆ زانین و فێربون نییە
بۆ دەرگاداخستنە لەسەر زانینی پێش کۆتایی
درەنگ تێگەیشتم زانینی کۆتایی هەڵگرم بۆ کۆتایی و
خەریکی زانینی پێش کۆتایی بم

٤٧

ئێوارە دەنیشمە قارچکی سورۆکراو
شەو زو دەخزێمە ناو جێگا
لەبیری خۆمی دەبەمەوە مناڵەکانم دایکیان هەیە
تا مەلابانگدان
خەون بەکچی جیرِو کەمخوێوە دەبینم

سبەینێ هەینی

دوای خۆشوشتن و وصل دەرنەکردن

دەدەم بەتەنیشتی سەرقەبرانەکەدا

تێر بۆنی کچی جیرِ دەکەم

هەندێکیان لەژێرخاکدا

وەك بڵێی نەمردون و

چاوەڕێی هەورەبروسکەیەکن هەڵیانتۆقێنێتەوە

هەندێکیان بەسەر خاکەوە

وەك بڵێی مردون و

هەریەکە چاوەڕێی نێرینەیەکی بەڕەحمە

بێ تەرمەکەی ببا لەشوێنێکی دڵیا بینێژێ

بڕوا بەخۆم دێنم

کە هەریەکەیان

تامی جۆرە قارچکێکیان هەیەو هەبوە

بڕوا بەخۆم دێنم

هیچ ئێشێ لەدڵ و دەرونمدا نییە

پەیوەندی بە ژن و قارچکەوە هەبێ

نایەڵم ئێواران کاتی گەڕانەوە

دڵم ختورەی مردن و

(سوێرخوێ) یی ژن و

قارچك و...

٤٨

خۆمم بەعەرەبانەیەکی دەستی هەڵڕشتایەتە ناو چاڵێکەوە
لەمە زیاتر ، چاڵ بەعەرەبانە خۆی هەڵنەڕشتایەتە ناو منەوە

٤٩

مردنی ئەو هەمو کەسە
بەیەك دەنك (داڵغەی مردن)

٥٠

پەرداخە چاییەکەم هەڵگرم
بەسەر پشتی خۆمەوە بیخۆمەوە
بەدەم ڕێوە بەرەو ئەسحابەسپی
من کە تەنها یەك کاتم هەیە بۆ چاخواردنەوەو خۆخواردنەوە
بۆ خۆکەراندن و خۆئێشاندن

٥١

ئەو هەمو داڵغەیەی مردن
بەتەنها لای یەك کەس
کە بەشی کوشتنی فیل دەکات

٥٢

دالّغەی مردن بۆ مەستکردنی فیل

بەکێس لەدوکانی من

٥٣

بەسوارییی کەریێکەوە بۆ ئاسمان

لەوسەرەوە لەژێر کەرێکا بۆ سەر عەرز

سواربون کەرێتییەك و دابەزین دو

٥٤

بۆ بەڕێز : سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بابەت : داواکاری

شوێنزەدە بوم

هێزی ئەژنۆم نەماوە هەستمە سەرپێ خزمەتی خۆم بکەم

شیعر دەکەمە ژێر خۆم و کەس شك نابەم چایەك بکات بەدەممەوە

تکایە لوتف بفەرمو چایەکی گەرمم بۆ بنێرە بۆ ناو ئەم ئەکاونتە لەفەیسبوك.

٥٥

دەست بدەمە کەمەری باخ سوار شاخیکەم

هەوساری شاخ بگرم لێ خوڕین بۆ ئاسمان

من پیادەو باخ سوار

٥٦

بەدەم خۆ راخستنی زستانەوە

بلەرزێ دڵ

نەك لەناو سینەدا

بەڵکو لەناو چوارچێوەدا بەدیوارەوە

٥٧

ئەم هەمو سلێمانێتییەی شار

ئەم هەمو مێینەییەتیەی ئاسمان

ئەم هەمو شاخێتیەی جوانی و با

نەك لەجەستەی مندا

بەڵکو تەنها لەسەر زەوی

٥٨

دو روبار

هەر رێك بەتەنیشتی یەکەوە

بەڵام بەئاراستەی پێچەوانە

دو روبار

بەناو گوندێکی ئەنفالکراودا

وەکو دو ئوتومبێل

بەسەر یەکدا

دو روبار

بەسەر چاوی راست و چاوی چەپدا

یەکیان رادەماڵێ

یەکیان دەهێنێتەوەو

دەیرژێتەوە بەسەرما

٥٩

ئاخری کەسێ نەما

لەم چەقی دڵەدا

چوار پەنجە بکێشێ بەشانما

حاڵیمکا

چەند ونبونم لێقەوماوە

حاڵیمکا

لەبەردەرکی سەراوە

چەنی دەمێنێ بۆ سلێمانی

چۆن بکەم

کوڕەکەم پێم دەزانێ و

دێ بمدۆزێتەوە

٦٠

دەنگی خۆم دەخەمە

ژێر گەرمگەی نەنکی خۆم

بۆ ئەوەی بەشە وڵاتێکی باشمان بۆ هەڵبێنێ

راوکەی خۆم دەنێمە ژێر مێینەی خۆم

بۆ ئەوەی دەرکەوێ

مریشکی کوردی

هەرگیز لەسك و زا ناچێتەوە

نەنکی کورد هەتا هەتایە

دەتوانێ کڕکەوێ و

عەرەبیزانی باش هەڵبێنێ

لەم پێشبڕکێی

مریشکسوارییەی

بەینی پێکهاتەکانی وڵاتدا

پەتی خۆم دەکەمە ملی مریشکی خۆم

دەیسەلمێنم

سیاسەت نییە

لەسیاسەتی کورد هێلکەکەرتر

راوکەی خۆم دەنێمە

ژێر نەنکی خۆم

دەیسەلمێنم

ژێر نییە

لەژێری پیری کورد گەرمتر

دەیسەلمێنم

نەوەی نەنکم

شایستەی لەسەدا حەڤدەی

داهاتی وڵاتە

٦١

ئاخری سلێمانییەك نامێنێ

دەست بدا

بۆ گێڕەگێڕی دڵ

پێنجوێنێ لەشوێنێ

بەگریان ملی پێوەنێی بۆ ئیشێ

مەولەوییەك

منالێکی ونبو

بگەیەنێتەوە دەستی دایکی

وابزانم

باسی کەسێ دەکەم

یان باسی خۆم

وابزانم

مەچەکی کەسێکم لەمشتایە

یان مەچەکی من لەمشتی کەسێکا

هۆ برا

خۆت بزر نەکردبا

دەمبردیتەوە

هۆ برا گلەیی بێ

لەم چەقی بازاڕەدا ونت کردم

تەسلیمی دەستی کوڕەکەمت نەکردمەوە

٦٢

بڕۆم بەلای دەنگمەوە

لەفریزەرەکەدا دەریبێنم

دڵنیا ببمەوە

بەکەڵك دێ ئەم جارەش خاویکەمەوەو

دەرخواردی صندوقێکیدەم

بڕۆم بەلای لایەنەکەمەوە

دڵنیایکەمەوە

دەنگم لەفریزەرەکەدا سەلامەتبوەو

هەر بۆ ناو هەمان صندوقە

کە بەشریتی سور

رازێنرایەوە بۆ سوتان

بڕۆم بەلای گەڕەکەکەمەوە

دڵنیایکەمەوە

لەپێناوی ئەودا

ئامادەم دەیان چوار ساڵ جارێ

دەنگم خاوکەمەوەو

بەچاونوقانەوە

دەرخواردی صندوقی سوتاویدەم

٦٣

خۆکەم بەباخی قادرێکا (هەر قادرێبێ) لەزەنگاباد

بزانم زەنگاباد چۆن گیراوەتە بەرگ

چۆن گیراوەتە دەنگ

لەچەند نۆت پێکهاتوە

چۆن وا بەو خۆشییە گوشراوەتە ناو گوێ

کەوتۆتە کوێی وڵاتەوە

باخ و قادری تێدایە هەڵکوتمە سەریان

کچی تێدایە

بەهەڵە زەنگ لێدا

بۆ کەسێ

کە دڵی چۆتە سەر

ناوی زەنگئاباد

٦٤

هەلالاوایی نییە

خۆی هەلالاوایە ، خاکی هەلالەیە ، هەلالە

پێنجوێنی نییە

خۆی پێنجوێنە ، باخی توتڕکە ، هەڵاڵوا

٦٥

دڵبەسەرم بۆ خۆم و شوێنم

کام شوێنم ؟

شوێنم کوا من ؟

تویمەلیکم کوا من ؟

پاشام کواو برایمم کوا ؟

خەڵکبەسەرم

بۆ خۆم و دڵی شوێناویم

بۆ خۆم و خەیاڵی خەڵکاویم

خەڵکم کوا من ؟

منم کوا من ؟

شت و

شوێن و

هیچم کوا من ؟

برایم و

پاشاو

شەباب و

شارم کوا ؟

گوندو کەرم کوا؟

خۆمم کوا ؟

٦٦

پەت
بۆ گەردنی من
گەردنی من و پەت
بۆ جۆلانە
جۆلانە
بۆ تۆ
تێلا
بۆ سەر پشتی من
پشتی من و تێلا
بۆ چەرخ و فەلەك
چەرخ و فەلەك
بۆ تۆ
تۆ
بۆ سەگ
تۆو سەگ
بۆ راوڕاوێن
راوڕاوێن
بۆ بەهانە
بەهانە

بۆ هەبونی

پەت

تێلا

تۆ

خۆم

کێ دەتوانێ

سی چل ساڵ شیعر بکاتە بەهانە

سی چل ساڵ لەشیعرا هەڵبکا

٦٧

شار خۆی بو گەردونی بەسەر خۆیدا روخاند

خۆی بو خۆی لەسەر چیاوە هەڵدایە خوارەوە

کەوتە ئابلۆقەی دوژمنەوەو چاری نەما خۆی کوشت

خۆی بو خۆی راوەشاند

بۆ پاڵاوتنی ئاو لەئازار

بۆ گرتنی ئازار لەئاو

بۆ شۆڕکردنەوەی ئازاری ئاو

بەرەو یەکەمین ئێشەڵان لەبن مێژودا

بۆ دەرهێنانەوەی کانی

لەژێر داروپەردوی مرۆڤی روخاو و

**شاخی روخاو**

**خۆی بو کێڵگەی ژێرەوژور کرد**

**بۆ هەڵڕشتنەوەی**

**قارچکە گولانەکانی ناو گەدەی**

**بۆ پوچەڵکردنەوەی دەستی دوژمن**

**لەژێر پێستیا**

**خۆی بو ئاسمانی بەردایە خوارەوە بەبەرد**

**لەتاو تەراتێن و خۆبادانی ئاگری باڵدار**

**بەناو سادەیی و بێوەیی شینایدا**

**خودایە ئیشی خۆت**

**بەشارو وڵاتان**

**بەدڕندەو دەیناسوران**

**مەسپێرە**

**خۆت دابەزە**

**بۆ لەسەرکردنەوەی قوربانی**

**بۆ دەمشکاندنی زۆردار**

**بۆ دەرهێنانەوەی کێڵگە**

**لەناو بێستانی لوغمدا**

**بۆ شێلاندنەوەو تۆپەڵکردنەوەی**

**قوڕی ناو سکی دایك**

**خۆت دابەزە**

بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی

ئاو و ئاگرو خوێ بەسەر قاڕەکاندا

بۆ دوبارە شاردنەوەی دەستی خۆت

لەژێر گۆرەوی و کڵاوی فەقێیاندا

بۆ گۆڕینی پلانی خۆت

لەهەڵدانی زەویدا بۆ ناو گۆڵ

خۆت دابەزە

بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەردون

بۆ جێکرنەوەی وڵاتی ئێمە

لەسەر پشتی خۆت

بۆ راخستن و رەنگکردنەوەی کاتی ئێمە بەسەر ئاوەوە

خودایە خۆت وەرە خوارەوە

بۆ راهێنانەوەی بەرخە ترساوەکانت

لەسەر دوبارە پێگرتنەوەو

باعە باع و

خۆتەماشاکردن لە T.V دا

خۆت وەرە خوارەوە

بۆ بەسەرکردنەوەو دڵدانەوەی (شەرەفنامە)

بەسەروگوێلاکی خوێناوییەوە

لەڕەفەی خەستەخانەدا

بۆ چەپککردنەوەو رێکخستنەوەی

خوشك و برا وردیلەکان لەئینجانەدا

بۆ دەرهێنانەوەی نوزە

لەناو ئابلۆقەی ئاگردا

بۆ دەستدانە باڵی چاو

لەژێر باری قورسی فرمێسکدا

خودایە خۆت وەرە خوارەوە

بۆ بنیاتنانەوەی ماڵی خۆت

بەتەنیشتی ماڵمانەوە

بۆ شەتڵکردنەوەی گوێچکەمان لەخاکدا

بەتەنیشتی گوێچکەی بنەچەی خۆتەوە

٦٨

پێویستە مردن بکرێ بەهەزار پارچەوە

هەر پارچەیەی بخرێتە هەزار گۆرەوە

هەر گۆرەی بخرێتە هەزار تاریکییەوە

پێویستە تاریکی بکرێ بەهەزار پارچەوە

هەر پارچەیەی بکرێ بەژێر هەزار مردنەوە

هەر مردنەی بخرێتە هەزار گۆرەوە

پێویستە شاری من لەتاریکی و مردن بپارێزرێ

شاری من پێویستە هەتا هەتایە هەبێ

دەترسم شاری من تا سەردەمێك هەبێ

دوایی نغرۆ ببێ

دەترسم شاری من لەچارەی نەنوسرابێ هەتا هەتایە هەبێ

ئاخ شاری من

من لەزەینی خۆمدا تۆم کردوە بەهەزار پارچەوە

هەر پارچەیەتم لەهەزار کەلەبەری چاومدا شاردۆتەوە

کەچی هەر نیگەرانی تۆم

دەترسم بمرم و

نەبوبم بەقوربانت

دەترسم بمرم و

نەبوبم بەگۆری هەمو ئەو مردن و تاریکیانەی کە بۆ تۆ دەبارن

دەترسم بمرم و

تەمەنی درێژم بۆ تۆ بەجێ نەهێشتبێ

٦٩

دەستەونزا شیعری زۆرم خوێندەوە

شیعری زۆرم نوسی

ئاخری

لەپاداشتی ئەو عیبادەتە زۆرەدا

خوا دایکمی بۆ ناردمەوە

بەکوێرایی چاوی گڵەوە

کەساڵەهای ساڵ لەپشت مردنەوە لێی شاردبومەوە

بەڵام ئێستا کەسمان ئەو بانگناکەین : مینا

بەڵكو بانگیدەكەین : ئادو

ئەو مردوە گەڕاوەیە

لەدوای مردنێكی زۆرو

دەقگرتنێكی زۆر بەڕاكشانی ناو قەبرەوە

تازە بەتازە كەوتۆتەوە سەرپێ

٧٠

دەپەڕمە سەر پشتی گوێدرێژی ئاوسێخەونێك

ملی ئۆتۆبانەكەی سەركارێز دەگرمەبەر

سبەینێ زو لەگەڵ دەركەوتنی یەكەم مێروله سوره

لەدەوری سەرشیعرانەكەی لای ماڵمان (سەرشیعرانی سەیوان)

لەگەڵ خۆخلكردنەوەی شیعرهەڵكەنە شەونەبوێرەكەی دراوسێمان

بۆ لای شوشەو پاچەكەی لەسەرشیعران

لەگەڵ خۆخلكردنەوەی ئەو

بۆ لای گۆرانییەكی كزی تازە هەڵكەنراو

كە خۆیشی نازانێ نسیبی كێی تێدەكەوێ :

خۆی یان گوێدرێژسوارێكی گلاو لەئۆتۆبانی سەركارێز ،

لەگەڵ یەكەم جیڕەو

یەكەم خۆترشكردنی دەرگای ماڵە

كەم دڵەكەم ،

دەپەڕمە سەر كۆڵی گوێدرێژی ئاوسێخەونێك

چاو لەمیترۆكەی سەركارێز دەنوقێنم

دادەگەڕێم بەرەو نەرمایی خەیاڵ

بەرەو ئۆفیسی کارەکەم

لەسەر جادەی سەرەکیی دڵ

٧١

کرمێکی دڵخۆش

لەبەهەشت بەبناری گۆیژەوە

لەژێر ئۆقیانوسێك ئاسمانی هێشتا تەڕدا

بەڵام دڵخۆشیم ناگاتە دڵخۆشیی کوترێك

لەپۆلە کۆترەکەی پشت سەرم

٧٢

دواجار کە وەختی هات

شوێنێکی بەرزی خۆش دەنێمەوە

بەدزیی بێچوەکانمەوە خورجێنەی خۆم دەدەم بەکۆڵماو

وردە وردە بۆی هەڵدەکشێم

لەوێ هێواش هێواش دەستدەکەم بەمردن

پێویستە عەزێتی بێچوەکانم نەدەم

بۆ مردن

سەڵتە زەلامانە

لادەمە کەنارێ

٧٣

جیاوازی نەبوایە لەناونانی نێرو مێدا

هەمومان ناومان

دایك بوایە

٧٤

رۆژێ دێ

وەکو بۆکسبازێکی پۆرتشکاوی ناو حەلەبە

پشتبەستو بەدەستی حەکەم

دەستی شلی دۆڕان پیشان دەدەم

ئیعتیراف دەکەم دەرەقەت نایەم لەمە زیاتر

بەپێوە لەحەلەبەدا بمێنمەوە

رۆژێ دێ

ئاوێنەی پاسەکە دەخەمە ژێر رکێفی چاومەوە

بەجوڵەی برۆ شۆفێرەکەی حاڵی دەکەم دابەزین هەیە

یان بەتۆنێکی شاعیرانە بانگیدەکەم:

خودا .. خودا .. خودای باش .. دابەزین هەیە

من گەیشتم .. نەء من هێشتا نەگەیشتوم

بەڵام تەحەمولم نەماوە لەپاسەکەتدا بمێنمەوە

رۆژێ دێ

کاتی یاریم مابێ و نەمابێ

بەترسنۆکم بزانن یان نەء

لەحەلەبە دێمە خوارەوە یاریگا چۆڵ دەکەم

رۆژێ دێ

گەیشتبم و نەگەیشتبم

شوێنەکە بۆ راوەستان شیاوبێ یان نەء

شۆفێر رازی بێ و رازی نەبێ

پاسەکەی پێ رادەگرم دادەبەزم

رۆژێ دێ

پێش ئەوەی سایەق خەوی لێکەوێ و پاسەکەی وەرگەڕێ

من دابەزیوم

پێش ئەوەی یاریچییەکی شێت

خۆم و حەکەمی یارییەکە بنێتەژێر

من حەلەبەم جێهیشتوە

پێش ئەوەی ئێوە

پێکبێن لەسەر دیاریکردنی مزگەوت بۆ پرسەکەم

من سواربوم بۆ سەر مانگ

بۆ سەر دایك

بۆ سەر باوك

بۆ سەر تەبا و ئایدیا

پێش ئەوەی مردن لەبازاڕدا قاتیبێ

من مردنی خۆمم بەنرخێکی هەرزان کڕیوە ناومەتە ژێر سەرم

پێش ئەوەی کەسیتر بەرلەخۆم

فریاکەوێ ئەنجامی یاریەکە راگەیەنێ

رایدەگەیەنم:

یاریی کۆتاییم لەهەموان بردۆتەوە

٧٥

چییان لێبکەم

ئەم دو قۆڵە نائاشنایەی

ساڵەهایە بەملاولامدا شۆڕبونەتەوەو هیچ ناڵێن

ساڵەهایە بەهیواین رۆژێ پێکەوە دانیشین و دانەنیشتین

ئاخر چی بکەم لەم ( فاتیح )ە قرنجاوەی ناو دەمم

ئەم ( فاتیح )ە لەگۆچوەی کە رۆژێك بو بەردی دەهێنایە چەپڵە

٧٦

پێشبینی دەکەم

کاتی ئەوەم هاتبێ بگەمەوە بەخۆم و

بۆ پایەدارێك بنوسم : ئامانەتیی ئێوەو بەچکەکانم

٧٧

لەدوای هەردو مەزهەبی سوننەو شیعە

کوردەکان سێیەم گەورەترین مەزهەبی ئیسلامییان دامەزراند

سەدەها ساڵە کوردەکان

دوای ئەم مەزهەبی سێیەمە کەوتون و

لەساڵڕۆژی فاجیعەی ئەنفالدا مەراسیمی دینی رێکدەخەن

دەڕژێنە سەر جادە

هەر بەپێ لەبەر ماڵی خۆیانەوە تا بیابان

ملی رێ دەگرن

بانگ دەکەن (هەرکەسە بانگی ناوێك دەکا )

کوردەکان بڕوایان وایە

لەڕۆژی حەشردا

لەسەحرایەکی کاکی بەکاکیدا

ئەنفالکراوەکانیان پەیدا دەبنەوە

سەدەها ساڵە کوردەکان دوای ئەم مەزهەبی سێیەمە کەوتون و

بەئومێدی رۆژی حەشری یەکجارەکی

بەئومێدی پەیدابونەوەی سەدو هەشتاو دو هەزار ئیمام

مەراسیمی دینی رێکدەخەن

من کوردم

شوێنکەوتوی مەزهەبی سێیەمی ئیسلامم

مەجبورم لەمەراسیمە دینیەکانی ئەنفالدا بەشداری بکەم و

هاواری ئیمامێ بکەم

مەجبورم هاواری ئەو کچانە بکەم کە بەخۆم ئەنفالم کردون

وەڵامی ئەو کچانە بەمەوە کە ئەنفالیان کردوم

بەڵام خوازیاری پەیدابونەوەی هیچ کامیان نیم

هیچ کامیشیان قەت من پەیدا ناکەنەوە

وەرە ئەنفالمکە حەڵوا گیان

هێشتا بەبەرمەوە ماوە ئەنفال بکرێم

وەرە ئەنفالمکە

مەترسە لەپەیدابونەوەی کەس

من سەر بەباڵی چەپی مەزهەبی سێیەمم

بڕوام بەپەیدابونەوەی ئیمام نییە

٧٨

ئاسنگەرێك سێپای دروستکرد

لەبازاڕ کڕیاری بۆ پەیداکرد فرۆشتی

ئاسنگەرێك سێپای دروستکرد

لەبازاڕ کڕیاری بۆ پەیدا نەبو نەیفرۆشت

ئاسنگەرێك سێپای دروستکرد

لەبازاڕ کڕیاری بۆ پەیداکردو نەشیفرۆشت

ئاسنگەرێك سێپای نەبو

لەبازاڕ کڕیاری پەیداکردو نەیبو بیفرۆشێ

ئاسنگەرێك سێپای هەبو

ئاسنگەرێك سێپای نەبو

ئازیزم رۆژباش

من هەر ئەمڕۆ

پێنج شەش ساڵ خەریکی ئاسنگەری و سێپا فرۆشی بوم

من لەدوای تۆ

تێکڕا دە دوازدە رۆژ ژیام

دە دوازدە تۆن ئاسن

٧٩

تۆپەکەی

..........

دێتەوە

بەسەر کەمەی (ل) دا

تەتەڵەمیرانە سەوزباوەکەم

بەخۆخشکاندن

دوانیوەڕوانێکی

سەر کلکی

رۆژێکی کورت

ئەو هەمو کات و شوێنەی نێوان خۆی و خۆی

من و من

لەمشتە چکۆلەکانیا گرمۆڵە دەکا

لەسەر سك دێتەوە

بەژێر دەرگادا دێتە ژورەوە

دەبینێ

بامێ و

باینجان و

کولەکەکانی هاوڕێی

پاسکیلەکەیان بردۆتە کۆڵان

باری ئەسپێکیان لێناوە

بەسەر دیواری حەوشەدا هاتونەتە ئەمدیو بردومیان

دڵم نەهاتوە بڵێم :

وای پشتم

سوك تەپ بەنە سەرم

دێتەوە

کەوە ملبۆرەکەم

هەڵقون هەڵقون

پەتی درێژی حەرف لەقاچی ئاڵاوە

دەبینێ

سکۆتەرەکەی براوەتە کۆڵان

بەدەرزەن

پوش چەقێنراوەتە کلکی

**دڵم نەهاتوە بڵێم :**

**ئەی هاوار**

**پوشبەقنگەیەکی داماوم من**

**بەرگەی ئەو هەمو پوشپیاچەقاندن و**

**خشانخشان و**

**کلکپێوەکردنە ناگرم**

**دێتەوە**

**دەبینێ**

**نەعلەکانی**

**لەپێی دەنکە برنجێکی سپیکەلەدایە**

**دڵم نەهاتوە بڵێم :**

**بۆ پێی تۆ نابم سەلکەسەگ بۆ پێی تۆ زۆر شلم**

**دێتەوە**

**قۆخە توکنەکەم**

**دەبینێ**

**تۆپەکەی براوەتەدەر هەناسەی لەبەر بڕاوە**

**دڵم نەهاتوە بڵێم :**

**مناڵینە سوك**

**سییەکانم کەمهەوان بەرگە ناگرم**

**دەبینێ**

**دەستیان گەیشتۆتە عەینەکی پشت برۆی**

پەنجەرەی ماڵەکەی

هەر بەتەویڵیەوە شکاندویانە

دڵم نەهاتوە بڵێم :

وای چاوم هاڕەی کرد

دەبینیٚ

خانوەکەی

سەرموقولاتێکی گەوجانەی داوە هەڵنەساوەتەوە

نەیانتوانیوە راستمکەنەوە لەسەرشان دامنێن

سەلکەتورەکان

مەتارەی ئاوی ئەویان ناوە بەسەرەوە هەڵیانقوڕاندوە

نەمگوتوە :

مەکەن قوڕمساغینە

چۆڕەبڕتان کردم تیام نەما

دێتەوە

دەبینیٚ

منی شکاوم و چاك ناکرێمەوە

ئەو کە زۆر حەزی لەجوکەی نوکتەیە

چیرۆکی شکانی منی کوڕی

منی سکۆتەرو

پاسکیل و

(psp) و

دایك و باوكیم

لەسەر دەرگای سەلاجەكە

بۆ كردۆتە لەوحەیەكی سەگسار

تەماشای دەكا پێكەنینی نایێ

دەبێ پێبكەنێ لەبەر من

بۆ ئەوەی تەریق نەبمەوەو نەڵێم :

بەنوكتەكەم پێنەكەنی

خودایە وابێ

ئەوكاتەی خلەخل بەسەر كەمەی (ل) دا دێتەوە

دەبینێ

تۆپەكەی وەها تەقیوە نەدورێتەوە

پیاوبێ نەگریێ

خودایە وابێ

تۆ بەتۆپەكەی خۆت

پاسێكت دابیتێ سەرقاڵت كردبێ

تا تۆپە تەقیوەكەی خۆی بەچاڵ سپێردراوە

خودایە دوای تۆپەكەی خۆی

سەد دانە ساڵی رێك

لەسەر دو لاقی ساغ

یاری بەتۆپەكەی تۆ بكا

..................